# د.کەمال سەیدقادر
# دەبێت وەك بڕوابوون بەئـازادی ئازادبکرێت
# نەك وەك بەزەیی هاتنەوە

faraidun_73@hotmail.com
فەرەیدون حەمەڕەشید  سویسرا
16/01/005

لەدوای گرتن وفڕاندنی د.کەمال ی سەیدقاد لە26 ی ئۆکتۆبەری ڕابردوودا، لەلایەن حکومەت ودەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. و دواتریش لە دیسەمبەر ی 2005دا سەپاندنی 30 ی ساڵ حوکمی کەمالی سەیدقادر لەدادگایەکی داخراو حیزبی دا،کەبەوتەی قسەکانی خوودی محەمەد ئیحسان ی  وەزیری مافی مرۆڤ لەگفتوگۆیەکی دا لەگەڵ ڕادیۆی ئەمریکا دەڵێت لەسەردوو ووتاری تەشهیروتەوهین ئەوحوکومەی بەسەردراوە و عال کولاوە دیموکراسی..

لەکاتێکدا بەم دەس و بەودەس هەوڵوهەڵپەیە بۆئاشتبونەوەی گشتی لەگەڵ کۆنەبەعسیەکانی عێراق کەتائێستاش وەك نوینەری ناسونالیزمی عەرەبی ئامادەنین بەووتارێك بێبەری بوون و داوای لێبووردن  لەسەر وێران بوونی کوردستان لەسەر ئەنفال و کیمیاباران و دەست درێژی سێکسی و زۆرشتی نامرۆڤانەی دی کەدەرهەق بەخەڵکی کوردستان کراوە بکەن.،دەستگرتن وپەنادانی جاش وخۆفرۆشەچنگ سورەکان کەتا2003/4/9 وتەواو دڵنیا نەبوونیان لە کەوتنی پەیکەرەکەی سەدامی دیکتاتۆر لەبەرەی دژی گەل و ئازادی دابوون،ئەمە ئەوسیاسەتە دووفاقیە یە کەئەوەندەی تر گرتنەکەی کەمالی سەیدقادری قێزەوەنتر کردووەو زەنگێکی مەترسیدارە بۆسەر ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامە گەری لەکوردستان و پاشەکشەکردن بەنیمچەئازادیەکان..

سەپاندن وکارکردن بەقانونەکانی دەسەڵاتێکی نادیموکراسی و بەعسی ئاسا سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ ڕەووتی گۆڕانکاریەکان وئەمڕۆی ناوچەکەدا بۆدەسەلاتی کوردی دەست نادات،وباجی گەورەدەدات کەبیەوێت بەعەقڵی دەستبەردارنەبوون لەدەسەلاتی داخراو خۆسەپاندنی ئەزموونی شاخ وچواردەساڵی سەرکوتی ئازادی ڕابردوو کاربکات،چونکە ئەمەگرەوێکی سەرئەنجام دۆڕاودەبێت لەسەرحسابی ئەزموون و بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان،،بەڕوویەکی تری دا کارکردێکی سەدوهەشتا پلە پێچەوانەدێتەوە لەگەڵ ئەو ووتانەی بەڕێزمەسعودبەرزانی کەماوەی چەندجارێکە لەسەرکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بانگەشەبۆ دەزگاکانی مەدەنی و ئازادبوونی دەسەڵاتی قەزادەکات،لەکاتێکدا  د.کەمالی سەیدقادرلەسەر دوو ووتار کەلە50 دێڕ تێناپەڕێت لەدادگایەکی داخراو قەرەقووشی دا 30 ساڵ زیندانی بۆدەبڕێتەوە،ووتارەکان چەندە خوێندنەوەی جیاوازیان بەتێزو چاوویلکەجیاوازەکان بۆبکرێت 30ساڵ زیندان و دادگای داخراو مانایی لەمەنگەنەدانی ئازادی و کڵۆم دان لەدەمی تاکاکانی کۆمەڵگاو بێمانابوونی مافەکانی هاووڵاتیبون لەکۆمەڵگایەکدا کەبیەوێت بانگەشەبۆچەمکەکانی دیموکراسی وئازادی بکات و گوزارشتی دیموکراسی بوون لەخۆی بکات .

،ترسێکی تر کەئەم پاشەکشەکردنە بەدەنگ و ڕەخنەکان شەرعیەت پێدەدات ،خۆدزینەوەی پەرلەمانی کوردستانە لەم کێشەیەو نیشان نەدانی هیچ ئاماژەیەکی پۆزەتیڤانە بەئاراستەی بەرگریکردن لەسەروەری دەزگاکانی قەزاومافەکانی مرۆڤ..بۆیە واپیویست ولەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان ودۆزەسیاسیەکەی دایە کەدەستبەجی وخێرا د.کەمالی سەیدقادر ئازادبکرێت ئەویش نەك وەك بەزەیهاتنەوە بەکەمالی سەیدقادردا بەڵکوو وەك سەرەتایەکی لەخۆبووردووی بۆبڕوابوون بەئازادی ڕادەربڕین ودەسپێکی هەنگاو هەڵێنان بەرەو ڕووی دیموکراسی و دەسەڵاتی دادوەری...ئازادی بۆ د.کەمال و گشت ئەوکەسانەی لەسەرئازادی بیروڕاو بەزاندنی تابوەکان لەزینداندان..